# بانگەوازێك لە دەستەی دامەزراندنەوەی حزبی شیوعی کوردستانەوە

**kurdistan.communist@yahoo.com**

هاوڕێیانی بەڕێز...

دۆست و لایەنگرانی خۆشەویستی حزبی شیوعی کوردستان..

شیوعییەکانی کوردستان و دۆست و لایەنگرەکانیان سالآنی دوورو درێژە لەکۆڕی تێکۆشاندا قوربانیی گرانبەها پێشکەشدەکەن تا حزبە سەربەرزەکەیان, حزبی شیوعی کوردستان لە پێشڕەوی خەباتی چینی کرێکارو گەلی کوردستاندا ئەرکە نیشتیمانی و نێونەتەوەییەکانی خۆی بگەیەنێتەجێ وبەرەو هێنانەدی ئەرکەکانی ئەم قۆناغەو قۆناغی دواتر هەنگاوبنێ.

شیوعییەکانی کوردستان لەهەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردستاندا بەشداربوون و لەسالآنی پێشمەرگایەتی کوردستاندا لە ریزی پێشەوەدا قۆربانییانداوەو لە ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ئاداری 91دا لەریزی پێشەوەی خەباتدا بوون, لەم سالآنەی دواتردا حزبی شیوعی کوردستان تا رادەیەکی زۆر ئەو دەورەی لە دەستداوە, یان زۆرکزو لاواز بووە.

سەرکردایەتی ئەم سالآنەی دوایی حزب لە هەندێ بواردا سیاسەتێکی هەڵەو هەلپەرستانەی پێچەوانەی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی ئاسایی حزب پیادە کردوە کە لەم بوارانەی خوارەوەدا ڕەنگیداوەتەوە:

★لادان لە بیروباوەڕی حزبیکی شیوعی.

★ دابوون لەپێش حزبە بۆرژوازییەکان و دەسەلآتەکەیاندا لە رووی سیاسی و فیکرییەوەو رەخنە نەگرتنی وەك پێویست لە هەڵەو ناتەواوییەکانیان, بەشداریکردن بە تاقە وەزیرێکی دیاریکراو لە سێ کابینەداو، بەمەش بەشدارنەبوون نەلەدەسەلآتداو نەلەموعارەزەدا. لە کاتێکدا جەماوەر چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد یان بەفیعلی لە دەسەلآتی بڕیاردەردا بەشداربن یان هێزێکی موعارەزەی ئیجابی و کاریگەربن و بەچاکی دیفاع لە بەرژەوەندی و داخوازییەکانی جەماوەر بکەن.

★ دوورخستنەوەو پەرت و بلآوکردنەوەی دەیان و سەدان شیوعیی دڵسۆز لەبەر هۆکاری جۆربەجۆرو بەهۆی رەخنەگرتنیان لەوسیاسەتەو بێدەنگ نەبوونیان لە ئاست لادانەکانیان و پیادەکردنی سیاسەتێکی جیاوازکاری لەنێوان شیوعییەکاندا.

★دوورەپەرێزی لەجەماوەری گەل و بەرگری نەکردنی پێویست لە ماف و داخوازییەکانیان و پشتگوێخستنی کارو چالاکی لەناو کرێکاران و لاوان و گەنجان و ئافرەتاندا.

★دەرکەوتنی دیاردەی گەندەڵیو بەتایبەتی لە ناو هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتیدا.

★بەربەرەکانیی دیموکراتی و تازەکردنەوە لە ژێرپەردەی دیموکراتییەت و تەجدیدا.

*لادان له هەندێ لایەنی بەرنامەو بەندەکانی پەیڕەوی ناوخۆو بڕیارەکانی حزب و سەرلەنوێ نوسینەوەی ئەو دوو بەڵگەنامەیە بۆ کۆنگره له بنەڕەتەوە له جیاتیی تەعدیلکردنیان. ئەمەش بە ئامانجی لادانی بەرەبەرە له بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی حزبێکی شیوعی تاببێتە حزبێکی لیبرالی.

*لەبواری پەیوەندییەکاندا پشتگوێخستنی پەیوەندی لەگەڵ حزب و ڕێکخراوەکان و بەتایبەتی لەگەڵ چەپەکان و کارنەکردن بۆ پێکهێنانی بەرەی چەپ وبوون بە کلکی هەردو حزبی حوکمڕان.

*هەڵەکردنی گەورە له بواری ڕێکخراوەییداو جیاکردنەوەی هاوڕێ عەرەبەکانی کەرکوك و دامەزراندنی محەلییەکی تایبەتی بویان و لکاندنی بە حزبی شیوعی عراقەوە, وەك حزبەکەمان کوردی بێ نەك کوردستانی, یان ئەمە پاشگەزبوونەوەیە له کوردستانیبوونی کەرکوك و کۆشش بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140. هەر بەم ڕێبازەش جیاکردنەوەی ڕێکخراوی حزب له ئەلقۆش کە له قولایی کوردستاندایەو زۆربەیان له برا کلدان و ئاشورو سریانەکانن و لکاندنی به حزبی شیوعی عراقەوە.

*بێدەنگبوون وخۆگێلکردن له ئاست فایلدارە هاوکارەکانی دەزگاکانی موخابەرات لەناو حزبداو, باسکردنی یەکێك لەو مەسەلانە له چوارەمین کۆنگرەی حزبدا, کە بۆ ماوەی ساڵێك دواخرا, بەمەبەستێکی تایبەتی, لەکاتێکدا چەندان بابەتی لەوجۆرە له ساڵانی پێشودا له دەرەوەی کۆنگره چارەسەرکراون.

*ئەمانەوگەلێك لایەنیتر کە هەریەکێك له ئەندامانی حزب بگریت ژمارەیەك له لادان و کەمتەرخەمیی مەکتەبی سیاسیت بۆ باسدەکات.

بۆیە ئێمە, کۆمەڵێك له ئەندامانی حزب گەیشتینه ئەو باوەڕەی کە دەبێ لەسەرەتادا بە نهێنی بکەوینە کارکردن و له کاتی گونجاوداو بە دیاریکردنی خۆمان بە ئاشکرا سەرلەنوی حزبەکەمان دامەزرێنینەوە تا لەخەباتی چینی کرێکاران و بزاڤی رزگاریخوازیی گەلەکەماندا دەوری شایستەی خۆی ببینێت و دەستبەرداری سیاسەتی راستڕەوی (یەمینی)بێت و هەنگاوی کاریگەر هەڵبڕێت بەرەو چەسپاندنی دەستکەوتەکان و هێنانەدی کوردستانێکی ئازادو گەلێکی بەختیار.

بۆیە بانگەوازمان ئاڕاستەی هاوڕێیانی ئێستاو پێشووی حزب و دۆست و نیشتیمانپەروەرانی پێشکەوتنخوازدەکەین کە بە ڕێگای جۆربەجۆر پەیوەندیمان لەگەڵ بگرن و هاوکاریمان بکەن و ئەم بانگەوازەمان بلاو بکەنەوەو ئێمەش پەیوەندییان  لەگەڵدەکەین و هیوادارین له دەنگوباس و راوبۆچوون و پێشنیاری خۆیان ئاگادارمان بکەن.

سەرکەوتووبێ خەباتی شیوعییەکانٍ بۆ دامەزراندنەوەی حزبی شیوعی کوردستان..

دەستەی دامەزراندنەوەی حزبی شیوعی کوردستان

هەولێر کۆتایی حوزەیرانی 2008